کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-9-2007 1:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەڕێوەچوونی سیمیناری قارنێ و قەڵاتان!**

ڕۆژی هەینی، 2007/8/31، کاتژمێر 6 ی ئێوارە لە قوتابخانەی لویتڤان Lutvann skole، بە بەشداری کۆمەڵێک لە کوردی ڕەوەندی دانیشتووی نۆرویژ و نوێنەری حیزب و لایەنە کوردییەکان، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی چاک لە وڵاتی نۆرویژ سیمنارێکیان لە ژێر ناوی "با قـارنێ و قەڵاتـــان لەیاد نەکەین" بۆ بەڕێز (دوکتۆر حوسێنی خەلیقی) پێک هێنا.

سەرەتای سیمینار بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بە گشتی و قوربانیانی قارنێ و قەڵاتان بە تایبەتی دەستی پێکرد.

پاشان نۆرە گەیشتە بەڕێز د. خەلیقی کە بەڕێزی باسێکی هەمەلایەنەی لە سەر کولتووری سامی و هیند و ئورووپایی پێشکەشی ئامادەبوان کرد. کۆڕگێڕ سەبارەت بە کولتووری سامی وتی: ئەم کولتوورە کە ئایینەکانی یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام دەگرێتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵداوە، پشت بە دەقە ئایینییەکان دەبەستێ و لە گەڵ ڕێنێسانس و نوێ بوونەوەدا سەری سازگاری نییە. یەکێک لەو دەقانەی کە لەم شێوە کولتوورەدا ڕەچاوکراوە، چەمکی جیهادە.

ڕێزدار خەلیقی لە درێژەی باسەکەدا بە ئاماژەکردن بە جیهاد و قۆستنەوەی لە لایەن دەسەڵاتدارە خوێنمژەکانی ناوچەوە، کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان و ئەنفال و هەڵەبجە و زۆر کارەساتی دیکەی گەڕاندەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی لایەنگرانی ئەو کولتوورە.

بە پێچەوانەی کولتووری سامی، لایەنگرانی کولتووری هیند و ئورووپایی پاش ڕێنێسانس و گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی یۆنان و جوێ کردنەوەی دین لە دەسەڵات، توانیان لە گەڵ نوێ بوونەوە و ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خۆبگونجێنن.

ئەو خۆگونجاندنە لە لایەک پێشی بە سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی سەردەم گرت و لە لایەکی دیکەشەوە دەرەتانی بۆ پێشکەوتن و دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین ڕەخساند.

پاش باسەکەی د. خەلیقی، ڕێزدار Ole Elvestuen باسێکی کورتی لە سەر ژینووساید پێشکەش کرد و لە پەراوێزی ئەو باسەدا، ئاوڕی دایەوە سەر بەرنامەی حیزبەکەی (حیزبی لیبراڵی نۆرویژ (V) و داوای لە کوردەکان کرد: بۆ ئەوەی بەشداری ئەو دەسەڵاتە ئازادەی نۆرویژ بن، بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار و شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە کە 2007/9/10 بەڕێوەدەچێ.

پێش ئەوەی پشوویەکی کورت ڕابگەیەندرێ، پارچە هەڵبەستێک لە لایەن کاک سمکۆبێکەسەوە لە مەڕ کارەساتی قارنێ و قەڵاتان پێشکەش کرا.

دوای پشوو، نۆرە گەیشتە پرسیار و سەرنجی بەشداران کە لە ماوەی 45 دەقیقەدا پرسیار و سەرنجکانیان ڕووبەڕووی ڕێزادر ئولە و کاک د. خەلیقی کردەوە.

پاش وەڵامەکانی ئولە بە پرسیاری ئامادەبوان، نۆرە گەیشتە د. خەلیقی کە لە ماوەی 30 خولەکدا زیاتر تیشکی خستە سەر باسەکە.

بە وەڵامدانەوەی پرسیاری بەشداران، ناوەندی C. H. A. K و کۆمیتەی PDKI، وێڕای سپاسی دوبارەی ئامادەبوان، کۆتایی یان بە کۆڕەکە هێنا.

ناوەندی C. H. A. K و کۆمیتەی PDKI، نۆرویژ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.